# ئەوروپای پیر وجیهانی گەنج

ن/دەیڤید ئی بلوم
و/هێمن مەحمود
Hemnm1979@yahoo.com

لەگەڵ یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئەوروپادا،نیوەی ئەوروپیەکان پێ دەنێنە ناوەراستی تەمەنی خۆیانەوە،وەك دیاریشە لەگەڵ ئەو گۆڕانە دیمۆگرافیەی کە چاوەڕواندەکرێت روبدات ئەوروپا لەنیوەی دوهەمی سەدەی داهاتودا بە تەواوەتی جیاواز دەبێت لەوەی کەلەنیوەی سەدەی پێشودا تیایدا ژیاوە.

نیوەی سەدەی یەکەم لەتەمەنی یەکێتی ئەوروپا بەگەشەسەندنی دانیشتوان و بەرزبونەوەی رێژەی ئەوانەی کە لەتەمەنی ئیشکردندا بون دەناسرێتەوە.

ئەو نەوەیەی لەدوای جەنگەوە دەرکەوتن لەئەوروپا هاوچەرخی سەردەمێکی گەشەی ئابوری بون کە ئەمەش بو بە هۆکاری بەهێزکردنی هەڵوێستی ئەوروپا لەجیهاندا وچاکترکردنی ژیانی هاوڵاتیانی ئەوروپا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر.

لەبەرامبەردا لەدەیەی پێنجەمی داهاتودا ئەوروپا توشی سستی گەشەی تەمەن دەبێت،کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هێزی کار توشی فورسییەکی زۆر بێت و وادەکات بیمە تەندروستی و خانەشینیەکان بۆ ئەوانەی کە رۆشتونەتە تەمەنەوە زیاتربێت.

چونکە بەهاتنی ساڵی 2050 تەمەنی لە 36٪ی ئەوروپیەکان دەبێتە 60 ساڵ،سەرەرای بەرزبونەوەی تێکرایی ناوەندی تەمەنی چاوەڕوانکراوی دانیشتوان لە ئەوروپا،بەڵام بەردەوامی دابەزینی تێکرایی لەدایکبون بە مانای سەرەتای کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی کیشوەرەکە دێت لەسەرەتای ساڵی 2020.

هەرچەندە واپێناچێت کە ئەوروپا بەهۆی ئەم گۆڕانە دیموگرافیەوە هەژاربێت،بەڵام بە سەردەمێکی درێژی سستی گەشەکردندا تێدەپەڕێت.

لەکاتێکدا کە دانیشتوانی ئەوروپا دەڕۆنە تەمەنەوە،و ژمارەشیان کەمتر دەبێتەوە،ئەوا زۆرینەی وڵاتانی جیهان بەپێچەوانەیە.

چونکە بەهاتنی ساڵی 2050واچاوەڕواندەکرێت ژمارەی دانیشتوانی 50 دەوڵەتی تازەگەشەسەندو دوو هێندە بێت،لەکاتێکدا رێژەی ئەوانەی کە لەتەمەنی کارکردندان لەئەوروپا کەمتر دەبێتەوە لەبەرامبەر ئەوانەی کە لەتەمەنی کارکردندان.

زۆرینەی وڵاتەکانی کیشوەری ئەمریکای لاتینی وباکوری ئەفریقا ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی گەورەی ئاسیا توانایەکی چاوەڕوانکراویان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو هێزی کارە گەورەیەی کە هەیانە لە بەرهەمهێناندا،هەروەها تواناشیان هەیە سودێکی گەورە لەو پشتگیرییە ئابورییە وەربگرن کە لە ئەنجامی ئەوە وەدیدێت (لەراستیدا ئەم موعجیزەیە هەر بەراستی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا روویداوە)،دەرئەنجامی ئەمەش پشکی ئەم وڵاتانە لە ئابووری جیهانیدا زیاتر دەبێت.

بەڵام لەهەندێك ناوچەی دیکەدا پێشبینیدەکرێت کە نەتوانرێت ئەو هێزی کارە وگەڕبخرێت،ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە ژمارەی گەنجان وبێ کاران زیاتردەبێت ودەبێتە هۆی زیاتربونی رێژەی تاوان وتێکچونی باری ئاسایش و نائارامی سیاسی کە دواجار جەنگی لێ هەڵدەگیرسێت و تیرۆر بەهێزتر دەکات.

بە شێوەیەکی سروشتیش کاریگەری خراپی دەبێت چ بۆ ناوخۆی خۆیان یا بۆ دەرەوە بە ئەورووپاشەوە.

بۆ نمونە ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە باشوری بیابانی گەورە ئەفریقیەوە داهاتویان هیچ گەشبینیەکی تیادا نیە،چونکە ژمارەیەکی زۆر گەنجیان هەیە وبازاڕی کاریان نیە،ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە رێژەی کۆچکردن لەئەفریقاو وڵاتانی دیکەوە بۆ ئەوروپا زیاتر بێت.

رەنگە ئەم کۆچکردنە چارەسەرێکی باش بێت بۆ بازاڕی کاری ئەوروپی،لەبەرئەوەی کە ئەوروپا پێویستی بە کەسانە هەیە کە

لەتەمەنی کارکردندان،بەڵام ئەم چارەسەرە کێشەی کۆمەڵایەتی بەدواوەیە بۆ ئەوروپپیەکان،چونکە ئەوروپپیەکان ترسیان لە کەمبونەوەی کار وئاسایش و جیاوازی رۆشنبیرییەوە هەیە بە نیسبەت خۆیانەوە.
هەربۆیە دەبێت ئەوروپپیەکان لە رێگەی پرۆسەیەکی رێکوپێکی نەخشەبۆکێشراوە کۆچ رێکبخەن.
بەبەراورد بەرێژەی پیری دانیشتوانی ئەوروپا ئەم چارەسەرە چارەسەرێکی جوزئیە.
بەڵام ئەوروپپیەکان دەتوانن بۆ هاوسەنگکردنی جیاوازی دیمۆگرافی چەندین چارەسەری دیکە بدۆزنەوە.
بۆنمونە هەندێك دەوڵەت هەوڵی زیاترکردنی رێژەی لە دایکبون دەدەن،ئەویش لەرێگای بەخشینی باج و زیاترکردنی موچەی ئەو ژنانەی منداڵیان دەبێت ،هەروەها کۆت وبەندی تازە بخرێتە سەر ئەو رێگایانەی ناهێڵن منداڵ ببێت.
هەموو ئەو رێگایانەی کەباسمانکرد یارمەتی ئەوروپا دەدات کە لە چەندین دەیەی داهاتودا وەك ئێستا بژی،هەروەها هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانەشی کە تازە گەشەسەندون بەوەی هێزی کار لەبازارەکانیاندا وەگەڕبخەن و ژیانی هاوڵاتیانی باشتربکەن دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆچی نایاسایی کەمتر بێتەوە.

سەرچاوە/
سایتی
رۆژنامەی (الخليج)ی ئیماراتی